# ژیان نامەی کاک ناسر مستەفا سوڵتانی!

ئامادە کردن : تەیموری مستەفا سوڵتانی



شاری کرماشان لە راستەوە ، ژمارە دوو کاک ناسری مستەفا سوڵتانیە.

## دەورانی منداڵی!

کاک ناسر لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی یانی ١٩٥٥ زایینی لە گوندی ئاڵمانە سەر بەشاری مەریوان لە دایک بووە . کاک ناسر خوێندنی سەرەتایی تا پۆلی شەشی لە ئاوایی ئاڵمانە خوێند . لەو سەردەمەدا باوکی کاک ناسر" مستەفا بەگ " و دایکی "خاتون بەهیەی ئێران خواە" نیگەرانی داهاتووی منداڵەکانیان بوون . بارودۆخی سەخت و دژوار ونالەباری ژیان ،بنەماڵەکەی ناچار کرد تا لە ئاڵمانەوە بەرەو شاری مەریوان کۆچ کەن . ئەگەرچی شاری مەریوان ، لە گوندی ئاڵمانەوە دوور نەبوو بەڵام غەریبی و نامۆیی هەست دەکرا . کاک ناسر لە شاری مەریوان ەستی بە خوێندن کرد . ڕیک کەوتن و ڕێز لێنان لە خزم و کەس و کار و دانیشتوانی شاری مەریوان، لە خەسڵەتە جوانەکانی کاک ناسر بوو . دڵێکی بێگەرد ، پاک وهەستێکی ناسکی هەبوو کە ، هاوکات خۆبەخش و هێمنش بوو .

## دەورانی دەبیرستان!

کاک ناسر تا پۆلی نۆی لە شاری مەریوان خوێند . پاشان بە مەبەستی درێژە پێدان بە خوێندن بەرەو شاری سنە ڕۆیشت . لە هونەرەستانی سەنعەتی ، وەر گیرا و لە بەشی سەنعەتی میکانیک دەستی بە خوێندن کرد . و دیپلۆمی فەنی بە دەرجەی باڵاوە لە بەشی میکانیک وەر گرت . هونەرستانی سەنعەتی سنە لە لایەن ساواک و

شارەوانیەوە کونترۆڵ دەکرا و سێبەری ڕەشی دیکتاتوری و سانسوری بیر و ئەندێشە لەم خوێندگە بەر چاو بوو . کاک ناسر لە بەرانبەر ئەو بێ مافی و سوکایەتی کردنە بە قوتابیان و هاو پۆلەکانی ، هەستیار بوو و لە بەرانبەریدا ڕادەوەستا و خاوەن هەڵویست بوو . ئەم کردارانەی کاک ناسر لە ناو هاوپۆلەکانی و قوتابیانی هونەرەستان خۆشەویستی و ئیحترامی بۆ خولقاندبوو ودەستەبەر کردبوو و هاوکات جێگا و ڕێزی تایبەتی هەبوو . کاک ناسر لە بواری سەنعەت و خوێندنی دەورانی هونەرەستان سەرکەوتوو بوو و بە دەرجەی باڵا وە شەهادەی ماموستایی لە بواری میکانیک وەر گرت .

## ئیدامەی خوێندنی باڵا لە کرماشان!

ئاست و پوتانسیلی خوێندن لە شارەکانی کوردستان ، بە هۆی ڕاگرتنی کوردستان لە دوواکەوتوویی سامناک و میلیتاریزمی تۆخ و سانسور و دەسەڵاتی ڕەشی سیستەمی پاشایەتی و ساواک ، بەرز نەبوو . بۆیە کاک ناسر بۆ ئیدامەی خوێندن بەرەو شاری کرماشان ڕۆیشت . لە ئەنستیتوی کرماشان ئەزمون و تەجروبەی فەنی بالای بەدەس هێنا و دوای دەورەکەی ئەنستیتو ، بڕوانامە و شەهادەی فەوق دیپلۆمی فەنیی لەو زانکۆیە وەر گرت . لەم دەورانەدا لە گەڵ بیر و ئەندیشەی چەپ ئاشنا دەبێت و ئاستی تێگەیشتنی بەرز و بەرزتر دەکاتەوە . وئیتر بەرژەوەندی هەژارانی کوردستان و ئێراننی ، گرینگ تر و بە نرخ تر لە هەموو بەرژەوەندیەکانی تر تەرجومە دەکردەوە و نرخی بۆ دادەنا .

## گەڕانەوە بۆ شاری مەریوان !

پاش تەواو بوونی دەوری خوێندی ئەنستیتوی کرماشان، کاک ناسر ساڵی ١٣٥٦ ی هەتاوی یانی ١٩٧٧ی زاینی گەڕایەوە شاری مەریوان . وەک ماموستای فەنی لە مەدرەسەی مەلا ئاوارە وەک ماموستای حرفە و فەن دەستی بە پەروەردە کردنی گەنجان و قوتابیان کرد . دەورانی سەربازییەکەی لە کرماشان و پاشان لە شاری سنە و لە پادەگانی ئەرتەش بۆ ماوەی هەژدە مانگ خزمەتی سەربازی کرد . ئەو قۆناغ و دەورانە ، لە گەل سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و شۆرشی خەڵکانی ئیران هاوڕەوت بوو و وردە وردە شۆڕش دەستی پێکرد . کاک ناسر وەک لاوێکی بەهەست و

خاوەن هەڵویست چاوەڕوانی هەل و دەرفەتی گونجاو بوو ، کە هێواش هێواش ئەو مەجالە دەستە بەر دەبوو .

## جێ هێشتنی پادەگان و خزمەتی سەربازی !

کاک ناسر لەم دەورانەدا و لە پێناو بیر و ئەندێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ، هەڵویستێکی جوامێرانە و نەترسانەی گرت . دژی خزمەتی ئیجباری لە پادەگانی ئەرتەش و یارمەتی سیستەمی پاشایەتی بوو و لەو بوارەدا پادەگانی بەجێ هێشت . ئاستی چالاکی سیاسی و کۆمەڵایەتی کاک ناسر بەرەو قۆناغیکی تر باڵی گرتەوە و ڕۆیشت . لە گەڵ کوڕ و کۆمەڵی ڕووناکبیرانی مەریوان پەیوەندی پتەوی هەبوو . بۆ گەشەی ئاستی سیاسی خۆی ، تێکۆشەر و هەڵسوڕاو بوو . ڕۆمانە جوان و ناسکەکانی جیهان کە شاکاری ئەدەبیات بوون ، و کتێبە عیلمیەکانی خوێندەوە .

## بڕیارێکی نەترسانە و مێژوویی !

کاک ناسر لە پەیوەندی چڕ و پڕی خزمایەتی و هاوفیکری لە گەڵ کاک ئەحمەدا بووە . هەردووکیان ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی بڕیار دەدەن بۆئیدامەی خەبات و بەرەنگاری دیکتاتوری و لابردنی ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی ، بە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی پەیوەس بن . بەڵام شەپۆلی گوڕانکاریەکانی کۆمەڵگای ئێران بە بارێکدا هەڵسوڕا ، کە ئارەزووەکان و خواست و ویستی ئەم دوو شۆڕشگێڕەی دەستەبەر کرد و . ئیتر پێویست نە بوو وەک پێشمەرگە بچنە ناو ڕیزەکانی یەکێتی نیشتمانی و، خۆیان بۆ خەبات دژی ڕژیمی پاشایەتی ئامادە و تەیار کرد . و پەیوەندی سیاسی بەهێز و نهێنی لە گەڵ کوڕ و کۆمەڵی دەڤەری مەریوان بەرقەرار دەکەن . و لە ئاستانەی قەیامدا ئەم دوو گەنجە لە سیمای ناسراوەکانی مەیدانی خەبات دژی دیکتاتوری پاشایەتی بوون .

## بیر و هەستی ناسکی هونەرمەندانە !

کاک ناسر خاوەنی هەست و بیرێکی ناسک و جوانی هونەرمەندانە بوو . بەتایبەت لە بواری نیگار کێشان ( نەققاشی ) سەرکەوتوو و تابلۆکانی سەرنج ڕاکێش و دڵڕفین و ناوەڕۆکی سیاسیان هەبوو . هاوڕەوت لە گەڵ نیگار کێشان ، لەگەڵ ئامێری شمشاڵ ئاشنا بوو و بە چاکی شمشاڵی لێدەدا و دەژەند . زۆر ڕێز و

حورمەتی بۆ جل و بەرگی نەتەوایەتی کورد هەبوو  و خۆی ڕچە شکێن بوو و جل و بەرگی کلاسیک و ڕەسەنی کوردی لە بەر دەکرد .



شاری مەریوان ،کاک ناسر لە  قەراخی گۆمی زرێوار .

## پاش ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی !

کاتێک دەسەڵات و هیژمونی سیاسی وڵاتی  ئێران کەوتە  دەستی تاقمی مەلا کان ، کاک ناسر بڕیاری مێژوویی خۆی دا و بە هێزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پەیوەس بوو .  کاک ناسر ، لاوێکی شۆڕشگێڕ و خۆنەویست و خۆبەخش و بەتوانا بوو . کاتێک کۆچی مێژوویی مەریوان دەستی پێکرد و شارۆمەندانی مەریوان شاریان چۆڵ کرد و لە ئوردوگای " کانی مێران " گیرسانەوە ، کاک ناسر بە ئێرادەیەکی پۆڵایین و ماندوویی نەناسانە  لە سەنگەری دیفاع لە کەرامەتی شار، حازر و ئامادە بوو . لەو دەورانە کە دیالۆگ و گفتو گۆ ، گرێ خواردبوو و نوێنەرانی ڕژیم کاتیان دەکرێ ، کاک ناسر لە ئاستێکی بەرزدا ، ئەرکی پێشمەرگانەی بەرێوە دەبرد . کۆچی مێژوویی مەریوان پاش سوخنڕانی ڕیزدار کاک فوئاد تەواو بوو و شارۆمەندان بۆ ناو شار گەڕانەوە . کاک ناسر بە مەبەستی ئەنجام دانی ئەرکی تەشکیلاتی کۆمەڵە بۆ ماوەی چەند مانگ بەرەو دەڤەری سەقز و ئاوایی تورجان ڕۆیشت . لەو سەفەرەدا کۆڵێک تەجروبە و ئەزمونی سیاسی و نیزامی بەدەس هێنا .  پاشان بۆ ناوچەی مەریوان گەڕایەوە و لە گوردانی کاک فوئاد، وەک پێشمەرگەی خاوەن ئەزمون بە خەبات و بەرەنگاری ئێدامە ی دا .

## تواناکانی کاک ناسر !

کاک ناسر بڕوا و متمانەی زۆری بە ڕێبەری و بیر و ئەندێسەی کاک فوئاد هەبوو . و هەمیشە خۆی بە ڕێڕوی ڕێگای ئەو دەزانی . لە گوردانی کاک فوئاد هەموو تواناکانی خۆی خستە گەڕ و زۆری پێ نەچوو ، کە لە باری سیاسی و نیزامیەوە ، لێهاتووی و کارامەیی خۆی لە ئاستێکی بەرزدا نیشان دا . کاک ناسر زەرفیەت و پوتانسیلی ڕێبەری و هیدایەتی گوردانی کاک فوئادی هەمیشە لە خۆی نیشان دابوو و لەو بوارەشدا دەیتوانی وەک فەرماندەی گوردان لە خزمەت بزووتنەوەی چەپ و ڕادیکاڵی کوردستاندا بێت . بەڵام بەداخەوە نە ئەو شانس و مەجالە بە کاک ناسر درا و نە بە گوردانی کاک فوئاد . هەموو کۆسپ و غەدرەکان نەیانتوانی لە سەر ئیرادە و بڕیاری کاک ناسر کاردانەوەی نیگەتیڤی هەبێ ، هەر بۆیە جەسوور تر و لێبڕاو تر لە جاران لە سەنگەری پێشمەرگایەتیدا ئامادەی فیداکاری و لە خۆبووردوویی بوو . و کاک ناسر یەکێک لە کادیرە خاوەن هەڵویست ،چەپ و سیکۆلار ، لایەق و سیاسی و تێگەیشتوەکانی ڕێزی پێشمەرگایەتی بوو . بەهاری ساڵی ۱۳۵۹ی هەتاوی بەرپرسی واحیدی چەکە قورسەکانی کۆمەڵە بوو .

## دیداری بنەماڵە لە ئاڵمانە !

کاک ناسر پاش ماوەیکی دوور و درێژ و هەڵسوڕانی سیاسی و پێشمەرگانە ، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ حەسانەوە و دیداری بنەماڵە گەڕایەوە ئاڵمانە . ئەو کاتانە کاک تەیمووری برای کە کادیری سیاسی سازمانی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران بوو و لە گوندی قەڵاگا مەقەڕیان هەبوو بۆ چاو پێکەوتینی کاک ناسر دێتەوە ئاڵمانە . چەند ڕۆژ ئەم دوو برا، یانی کاک ناسر و کاک تەیموور پێکەوە بوون و هەرگیز تاسەی دیداریان لە یەکتر نەشکا . هاوکات دایکیان خاتون بەهیەی بەهرامیش کە ماوەیەک بوو ، کوڕەکانی دیدار نە کردبوو بۆ چاوپێکەوتنی کوڕەکانی دێتەوە ئاڵمانە .چەند ڕۆژێک پێکەوە دەبن و مەرهەمێک لە سەر زام و برینەکان دادەنین و لە باری سایکۆلۆژی و ڕۆحیەوە بۆ هەر سێکیان ، پێویست و خەم ڕەوین بووە .

## ئاخرین ساتەکانی ژیانی کاک ناسر !

دوای دیداری من و دایکم، کاک ناسر ، دەیویست بگەڕێتەوە بۆ لای هاوڕێیانی پێشمەرگە کە لە بیەکەڕە بوون . کاک ناسر سەردانی موقەری چریکەکانی لە

ئاوایی قەڵاگا کرد و من و کاک ناسر ئەو چەند کاتژمێر لە گوندی قەڵاگا پێکەوە بووین . ئاخرین دیدار و چاوپێکەوتنی من و کاک ناسر لە گوندی قەڵاگا بوو . و هەرگیز بە مێشکمدا تێپەڕ نەدە بوو کە ،هاتنی کاک ناسر بۆ قەڵاگا ، ماڵئاوایی و ئاخرین دیدارمان دەبێت .کاتی جیا بوینەوە یەکترمان لە ئامێز گرت و کاک ناسر بەرەو بیەکەرە ڕێکەوت . ئەو کاتانە چەند پێشمەرگەی بریندارى کۆمەڵە لە مەقەڕی حیزبی دیموکرات لە ئاوای دزڵی لە ژێر چاوەدێریدا بوو ن . کاک ناسر لە گەڵ پێشمەرگەیەکی تر وەک بەرپرس و ئاگاداری و یارمەتی دانی ئەو پێشمەرگە بریندارانەی کۆمەڵە بەرەو ئاوایی دزلی دەچن .

دوای چەند ڕۆژ گوندی دزڵی کە مەقەڕی حیزبی دیموکراتی بەشی مەریوان ،جەماعەتێکی زۆر لە خەڵکی ئاوارەی مەریوان و دەوروبەری تێدا بوو ، دەکەوێتە بەر هێرشی ناجوامێرانەی جمهوری سێدارە و پاسدارانی ئیسلامی و بەکرێگیراوانی ناوچە کە . لە کردەوەدا ئاوایی دزڵی لە سات و سەودایەکی پیس و نامرۆڤانە و ئاشکرا دەفرۆشرێت و تەحویلی جەماحەتی پارتی ( قیادە موەقەت ) و پاسدارەکان و بەکرێگیراوانی ناوچە دەدرێت . لە بواری ئەو خەیانەتە و ئەو سات و سەودایە جەماعەتی پارتی و پاسدارەکان و خۆفرۆشانی ناوچە هێرش دەکەنە سەر ئاوایی دزلی . دەیان لاو و شارۆمەندی ئازادیخواز گیانیان لە دەس دەدەن و دەیان پێشمەرگەش گیانیان بەخت دەکەن .

کاک ناسر لەم هێرشەدا ، هەڵویستی نیهایی دەگرێت و بڕوای پۆلایین و ئیمان و ورەی بەرزی هانی دەدا تا بەشیوەیەک لە شێوەکان بریندارەکان لە دەستی پاسدار و بەکرێگیراوان ڕزگار بکات .دوای چەند جار هەوڵ و تێکۆشان و لە پرۆسەی دیفاع و بەرەنگاری بەسەختی بریندار دەبێت . بەمەبەستی نەجات و ڕزگاری بریندارەکان لە نەخۆشخانە دەست لە تێکۆشان و دیفاع هەڵناگرێت وداخی داخانم برینەکەی زۆر سەخت و قورس بووە ، و بە سەربەرزیەوە لە ڕۆژی ١٨ سەرماوەزی ١٣٥٩ی هەتاوی بەرانبە ١٩٨٠ی زاینی لە ئاوایی دزڵی گیانی بەخت کرد .

## ڕوایەت و چونیەتی گیانبەخت کردنی کاک ناسر !

١.ئەو پێشمەرگە کە لە گەڵ کاک ناسر دەبێت ، کاتێک شەر دەس پێدەکات هەڵدێت و خۆی دەشارێتەوە .کاک ناسر بەتەنیا دەکەوێت و لە پرۆسەی شەڕ و پێکدادان و برینی قورس گیانی بەخت دەکا .

٢.کاک ناسر لە گەمارۆدانی مەقەڕی حیزبی دیموکرات و نەخۆشخانەکە بریندار دەبێت . پاشان دەیناسنەوە کە ئامۆزای کاک فوئادە و لە بنەماڵە مستەفا سوڵتانیە .کۆپارێزان و بەکرێگیراوان ناوچەکە و پاسدارەکان تیربارانی دەکەن .

## تەرمی کاک ناسر لە گوندی دزڵی !

تەرمی کاک ناسر بەهیمەتی ئاشنا و دۆستانی نزیک بنەماڵە ڕەوانەی شاری مەریوان دەکرێت . سیستەمی دیکتاتوری جمهوری ئیسلامی و نوێنەرانی لە دەڤەری مەریوان ، بە هەڕەشە بە بنەماڵەی کاک ناسر دەڵێن کە مافی دانانی بێرەوەری و سەرەخۆشیتان نیە . و مافی ئەوەتان نیە تەرمی کاک ناسر بەرەو ئاڵمانە بەرنەوە و لە ئاڵمانە ئەسپەردەی خاکی کەن .

## پیلانی بەرپرسی سپای پاسداران !

بەرپرسی سپای پاسداران بە بنەماڵەکەم لە مەریوان دەڵێن : دەتوانن بە ئیجازەی سپاە تەرمی کاک ناسر بەرنەوە بۆ ئاڵمانە . ئەمما ئەم پیلانە تەنیا بۆ لە داو خستنی ئەندامانی تری بنەماڵە و پێشمەرگەکانی کۆمەڵە و ئازادیخوازان بوو ، تا هاوکات هێرش کەنە سەر مەزاری تاڵە سوار و کوشتار وجەنایەت بکەن و ژمارەیەکی تر لە ئازادیخوازان بکوژن .

## گوڕستانی دارسیران!

سەرەنجام ، و دوای قسە و باسێکی لۆژیک و مەنتیقی بڕیاری باوک و دایکم دێتە سەر ئەوە کە تەرمی کاک ناسر لە گوڕستانی دارسیران لە نزیک شاری مەریوان بە خاک ئەسپەردە کەن . تەرمی کاک ناسر ئیستا لە گوڕستانی دارسیران ئۆقرە و ئارامی گرتوە و لەوی نێژراوە .

بەرز و بەڕێزبێت یادی کاک ناسری خۆشەویست !

+ یارمەتیەکانی کاک جەعفەری مستەفا سوڵتانی بۆ ئامادە کردن و نووسینی ئەم یادنامەیە، شایانی ڕێز و قەدەردانی

# بیرەوریەکی کورت لە کاک ناسر و سەید حسین پیرخزرانیان!

نووسینی: ڕەشاد مستەفا سوڵتانی

بیرەوەری یەکەم : من لە شاری سنە موعەلیم بووم و بۆ دیداری بنەماڵەکەم دەگەڕامەوە بۆ ئاڵمانە . بەهەڵکەوت لە سێ ڕێیانی دزلّی کە بە بیەکەڕە ناسراوە تووشی کاک ناسر هاتم . دوای چاک و چونی و سڵاو ورێزی فرەوان لە یەکتر ، دەبوا چاوەڕوانی ماشین بین تا بەرەو ئاڵمانە سوار بین . بەڵام ماشین نەبوو و بڕیارمان دا بە پێ و لەو بەرەژوورەکە و ڕێگا سەخت و کوێستانەدژوارە بەرەو ئاڵمانە ڕێکەوین . لە جەماعەتی چایخانەکە ، ماڵئاواییمان کرد و بەدەم ڕێگاوە دەستمان بە قسە کردن کرد . تەقریبەن چایخانەکە تا ئاوایی ئاڵمانە یەک سەعات و نێو ڕێگایە . کاک ناسر زۆر بە دڵەوە نزیک و بۆ من ئێحترامی تایبەتی دانا . لە بیرمە جانتایەکی چکۆلەم پێ بوو کە یارمەتی منی دا و هەڵیگرت . لە قسە و باسەکاندا دیار بوو ئاستی خوێندنەوە کتێبە جوان و سیکۆلارەکانی بەرزە و شارەزایە . زۆر قسەی جوان و بەنرخ و گرانبەهای کرد و ئاستێکی مەنتیقی لە تێگەیشتنی پرسە کۆمەلایەتی و سیاسیەکانی نیشان دا . ڕاستیەکەی سەرم سوڕ ما و لە تێگەیشتنی کاک ناسر حەپەسام و داچڵەکیم . کە گەنجێکی ئاوا خوێن گەرم تا ئەو ڕادە و ئاستە لە مەسایلی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵایەتی ووەزعی ئێران تێبگات . کات زوو تێپەر بوو و ئێمە ماندوو و هێلاک گەیشتینە بەر دێ . ماڵی کاک ناسر لە سەرڕێگاکەبوو و خۆڵکی منی کرد کە بچمە ماڵیان . بەڵام سپاسبژێریم لێکرد و لە یەک جیا بوینەوە . قەولم پێ دا ، کەپاشان سەردانی ماڵیان دەکەم . هەرکام بەرەو ماڵی خۆمان ڕۆیشتین .

بیرەوەری دووهەم : جاریکێش لە شاری سنە کاک سەید حسین پیرخزرانیانم دیدار کرد و ئەویش ، گەنجێکی زۆر تێگەیشتوو و خاوەن بڕوا و بێگەرد و ئاگا هاتە بەر چاوم . هەڵویست و باسەکانی جیاوازی زۆری لە گەڵ قسەکان و هەڵویستەکانی پێشوی هەبوو . بە تایبەت لە بواری خوێندنەوەی کتێبە کۆمەڵایەتی و عیلمیەکان و شاکارەکانی جیهانیدا فرە شارەزا و خاوەن هەڵویست و لێکدانەوەکانی مەنتیقی و لۆژیک بوون . لەو دیدارەدا، لە ئاست زانین ، تێگەیشتن، لێکدانەوە وبۆچونەکانی سەرم سوڕ ما . پاش ماوەیەک هەڵسەنگاندن و

داوەریەکانم سەبارەت بە کاراکتیر و شەخسیەتی کاک حسین پیرخزرانیان ، گوڕدرا .

## یادێک لە هاوڕێیەکی تازە ئاشنام !

نوسینی ئەحمەد بەهرامی ( تورجان )

پاییزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی تازە شارەکان گیرابونەوە ودوای شەڕی سێ مانگە دەوڵەت شکستی خواردبوو . مەقەڕی کۆمەڵە لە ناوچەی سەقز حەتتا بەر لە خودی سەقزیش لە ئاوایی تورجان دامەزرابوو . کە نزیک بە یەک ساڵ خەڵک بە زۆری ژیانی پێشمەرگەکانیان دابین دەکرد . لەو سەردەمەدا پۆلێک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی مەریوان هاتبوون بۆ ناوچەی سەقز کە درابوون بە مەقەڕی تورجان . کاک ناسر مستەفا سوڵتانیان لە گەڵ بوو . ئەو دەم من لە سەر بڕیاری کۆمەڵە هەر لە شورای ئاوایی بە مەبەستی یارمەتی پێشمەرگە و کاری ڕوو بەخەڵک و لایەنگرانی کۆمەڵە مابومەوە.

هەر لەو پاییزەدا کۆمەڵە زۆر زوو دەستی کرد بە خۆشکردنی جادەی تورجان . دوازدەساڵ بوو کە دەوڵەتی شا هەزینەی دروست کردنی دانابوو .بەڵام لە لایەن ئوستانداری سنەوە و مودیر عامیلی تورجان کە یەکێک لە ئاغاکان بوو ، پارەکە دەخورا و هیچ ڕێگاشی پێ دروست نەدەکرا. بەڵام کۆمەڵە تا ئاستێکی بەر چاو ئەم ڕێگایەی خۆش کرد . ئیدی ئوتومبیل بەئاسانی پێدا دەڕۆی .

ئەو کەسەی ئەرکی خۆشکردنی ئەم ڕێگایەی بە ئەستۆ بوو پێشمەرگەیەکی ڕیش هاتوو ، ڕیشێکی ڕەشی پڕی هەبوو و لە پەستاش قسەی بۆ کرێکارەکان و خەڵک دەکرد .ئەم پێشمەرگەیە وێنەیەکی بچوکی کاک فوئادی بە قونداخی تفەنگەکەیەوە بوو .من دوای مەرگی کاک فوئاد ناوی خانەوادەی مستەفا سوڵتانیم دەبیست . زۆریش بە ئاوات بووم ئەم بنەماڵەیە بناسم . بەم پێشمەرگەیان دەگوت ناسری مستەفا سوڵتانی . ئێوارێ کە چووینەوە مەقەر لێ چوومە پێش و گوتم : کاک ناسر ماندوو نە بێ . من تۆ ناناسم و نەش هاتومە مەریوان . بەڵام بە ناوەکەتدا ، وا دیارە خزمی کاک فوئادی بیت ! مەگەر وانیە ؟ ناسر چاوی لێکردم و گوتی: بەڵی تۆی کاک ئەحمەد و لە شورای ئێرە هەڵدەسوڕێت . لە وڵامدا

گوتم : بەڵی من جارێی شورام .بەڵام نایکەم و دەبمە پێشمەرگە . ئیدی من و کاک ناسر بووین بە هاوڕێ . ناسر ئەو کاتانە بەر پرس نە بوو . بەڵام زۆرتر لە بەرپرسەکەی مەقەر شتی دەزانی و ئاگاتر بوو و قسەی دەکرد . بۆ بەیانی پۆلێک هەواڵنێر و ڕۆژنامەوان هاتن بۆ ئاوایی تورجان . دەبوو کەسێک وڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە . من ڕۆژنامەوانەکانم برد بۆ مەقەڕی کۆمەڵە و گوتم ناسر ئەمانە پرسیاری سەیر دەکەن . تکایە کاک ناسر تۆ وڵامیان بدەوە و بزانە دەڵێن چیێ ؟ نێوانی من و کاک ناسر و بەرپرسەکەیان بەناوی حەمە زۆر خۆش بوو . بەڵام لە گەڵ کاک ناسر زۆر زوو بووین بە دۆست و هاوڕێ . تا کاک ناسر گیانی بەخت نەکردبوو من و ئەو سێ چوار نامەشمان بۆ یەک نووسی . ئیدی من لە کاناڵی کاک ناسرەوە ڕەگ و ڕیشەی ماڵی مستەفا سوڵتانی و کاک فوئادم ناسی . لەو ڕۆژەشەوە ئیمانێکی تایبەتم بەم بنەماڵەیە پەیدا کردوە ، کە تا دەمرم لە گەڵم دەبێ و ئەم بنەماڵەیە و کاک فوئاد بۆ من خۆشەویست و بەڕێزن !